# چەپی جیهانی و گەمەکانی سیاسەت

**دارا مەحمود**
darachimen@hotmail.com

دوای هەرەسهێنانی سیستەمی بەناو سوسیالیزم لەسەر شێوازی سۆڤیەتی بەرێ، هێزە چەپەکانی جیهان چەکیان دانەناو ملیان لەبەرانبەر ستەم و زۆرداری کەچ نەکرد. و بەبانگاشەی ئەوەی لەسەر مێتۆدو بنەمای نوێ و جیاواز لەپێشدان پەرە بەخەباتی خۆی دەدات، مژدەی سەرکەوتن و سەردەمێکی نوێێ بەخشیەوە. و لەسەر بنەمایەکیش پایەکانی خۆی دارشتەوە کەمادام چەوسانەوەو زوڵم لەجیهاندا لەئارادایە، کەواتە بەرخۆدان و بەرپەرچدانەوەش هەردەبێ لەئارادا بێت و مادام ڕاست و ڕاسڕەوی هەبوونی هەیەو بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی خەڵک و گەلان پشتگوێ و بنپێ دەخرێن، چەپ و چەپڕەویش وەک وەڵامدەرەوەیەکی سروشتی، بوونی دەبێت و دەبێتە هیوای چەوساوان. ئەم بزووتنەوەیەش لەسەر ئاست و تەوژمی جۆربەجۆر لێرولەوێێ جیهان بەدیارکەوت: لەئەوروپا لەبەرگی ئەنتی گلوبالیزم، و لە ئەمەریکای لاتین، ئەنتی ئیمپریالیزم، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنتی ئیسرائیل، و لەئەفەریقا ئەنتی کۆلۆنیالیزم و پاشماوەکانی... بەمجۆرە لەشوێنەکانی دیکەش بەدروشم و شێوازی تر..

بەڵام ئەوەی لەبەشێکی ئەم بزووتنەوەیەو لەسەر ئاستی وڵاتاندا بەدیدەکرێت و لەچالاکی و کارو ڕاگەیاندنەکانیدا بەرجەستە دەبێت، نەک هەر پێچەوانەی پرێنسیپ و بانگاشەکانە، بەڵکو گەڕانەوەشە بۆ هەمان شێوازو مێتۆدە کۆنەکەی سەردەمی شەڕی سارد. ئەویش بەبەهانەی پێکهێنانی بەرەی دژە ئیمپریالیزم، هەرچی دیکتاتۆرو مەزهەبی و تیرۆریستی جیهانییە چوونە ناو سەنگەرێکەوە، کەلەوێدا ئەم جۆرە چەپانەش لەڕیزی هەرەپێشەوەدان.

هەرلەسەر ئەم بنەماو دیدەش بوو کەلەدواییین مانگەکانی حوکمی سەدام حوسێندا، هۆگۆشاڤێز چووە لای دیکتاتۆر، لاچاوی ماچکردو بەزمانی حاڵ پێیگوت: (بڕۆ بۆ پێشەوە، ئێمەش لەدواتین).
یان ئەوەتا ئەمڕۆ بەناوی پێکهێنانی بەرەی وڵاتانی شۆڕشگێڕ، لەپاڵ وڵاتانی ئەمریکای لاتینی وەک: ڤنزوێللا، کوبا، نیکاراگوا، ئەکوادۆر.. دەبینین ئێرانی ئیسلامی(بەموقتەدائەلسەدرو حەسەن نەسروڵڵاشەوە)، بیلۆروسیای تاکە ڕژێمی دیکتاتۆری ئەوروپا، و کۆریای باشووری ستالینیستی، و سودانی عومەربەشیرو جەنجەوید، و سوریای شۆڤینی و نەتەوەپەرست... خۆیان وەک هیوای چەوساوانی جیهان و سەنگەری پێشەوەی دژە ئیمپریالیزم پێناسەدەکەن..! ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئایا زیندووکردنەوەی هەمان باوەڕە پووچ و بێ بنەماکەیە کە دەیگوت: لەژێر سایەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران و حزبی بەعسی عێراق و سوریادا توانای بەدیهێنانی سۆسیالیزم لەئارادایە، یان شتێکی ترە..؟ ئایا چەند دەهە بەرێمان بیر ناکەوێتەوە کەلە کاتێکدا سەدام شیوعیەکانی عێراقی قەتلوعام دەکرد، کاسترۆ لەگەڵ سەدامدا میدالی دەستخۆشی یەکتریان دەگۆڕیەوە؟ وادیارە ئەوجۆرە باوەڕانە نەگۆڕاون. و هەربۆیەش ڕووداوەکان جارێکی تر خۆیان دووبارەدەکەنەوە..!

پرسیار ئەمەیە، باشە بۆ هەرئیتر هەر بەیەکجاری بن لادن و ئەیمەن ئەلزەواهیری و بەگشتی سازمانی ئەلقاعیدەش لەگەڵ خۆیان نادەن..؟ خۆ هیچیان چەندە دوژمنی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بن هێشتا نەدەگەنە ئاستی ئەوان و نەهێندەش زیانی پێ دەگەیەنن. هیچ سەیریش نییە وەها

کارێک ڕووبدات. مەگەر ئەوە نییە چەپی فەلەستینی لەسەنگەری حەماسەوە سڵاو بۆ تێرۆریستانی عیراق و فاتیحا بۆگیانی سەدام حوسێن دەنێرن..؟
سەیر لەمەدایە چەپە کلاسیکییەکانی لای خۆشمان هیچ وانەو عیبرەتێکیان لەو هەموو ئەزموون و گۆڕانکارییە جیهانهەژێنانە وەرنەگرتووەو یەک لەدوای یەک شادباش بۆ چاوی هۆگۆشاڤێزی دۆستی گیانی بەگیانی ئەحمەدی نەژاد دەنێرن.

چەپبوون ناو، و نازناو نییە. بەڵکو زهنیەتی تاک و پارت و گروپ و قەوارەی سیاسییە. چەپێک کەساختەبازی بکاتە بنەماو لەپێناو تاکە ئامانجێکی خۆیدا تەواوی ئامانج و پرێنسیپەکانی چەپ بنپێ بخات، چەپ نییەو گەمەیەکی سیاسی پەیڕەو دەکات کەدژبەرەکانی دەیکەن.
بەڵام لەبەرانبەر ئەم ڕەفتارە هەلپەرستانەیەدا ئێمە چی بکەین؟ دەستی تەسلیمبوون بەرزکەینەوەو بڵێین: بژی جۆرج بوش چونکە سەدامی ڕوخاند. و سڵاو بۆ قەزافی چونکە لایەنگری دەوڵەتی کوردییە. و سوپاس بۆ ژرنۆڤسکی چونکە دەیخواست مافی پەنابەرێتی بدرێتە ئۆجالان...؟ ئەگەر وابکەین بەم واتایەیە کەهەموومان چەپ و ڕاست، باش و خراپ، چەوساوەو چەوسێنەر، مافخۆرو مافخوراو... دەچینە خانەیەکەوە. بەم واتایەیە کە کێشە لەسەر ماف و ئازادی و عەدالەت نییە. بەڵکو گەمەیەکی سیاسییە. گەمەیەکە بۆ جێگەگۆڕکێ پێکردن و نۆرەکردن لەپەیڕەوکردنی هەمان ڕەفتار کەدەرهەق خۆمان کراوە. گەمەیەکە بۆچەشتنی چێژی دەسەڵات و خۆشگوزەرانیی کەمینە بەبایەخی بەختڕەشی و چەوسانەوەی زۆرینە..

بێگومان ئەم گەمە سیاسییەی ئەمڕۆ ئەمجۆرە چەپانە پەیڕەوی دەکەن کەلەسەر بنەمای (سەرکەوتن بەهەربایەخێک) دامەزراوە، بۆ جیهانی سیاسەت نامۆ نییە. هەمان گەمەیە کە ئیمپریالیزم دەیکات.
ئیتر با چیتر خۆمان و هیتر نەخەڵەتێنین. ئەم بەناو چەپ و شۆڕشگێڕانە چی دەکەن بابیکەن. بەڵام چما ئێمە هەلهەلەیان بۆ لێدەین؟
لەجیهاندا هێشتا تاک و گروپە چەپە ڕاستەقینەکان کە ئەخلاق و مرۆڤایەتی بنەمای چالاکی سیاسییانە کەم بن یان زۆر، هەن و تەنانەت گەلێک لەپارتە ڕاستڕەو، و لیبرالەکانی ئەوروپا لەوجۆرە چەپانەی ناومان بردن ئەخلاقی ترو مرۆڤانەترن. هەر بۆیەزۆرجار ئەو هەڵسەنگاندنانەی تەنیا لەسەر بنەمای ناولەخۆنان و دروشمی قەبە بنیاتنراون، بەهەڵەدابردن و گومڕاکردنە.
بێگومان ئەمڕۆ ئەمەریکا سیاسەتێکی جیهانی پەیڕەو دەکات کە لەسەر بنەمای قوربانیکردنی تەواوی ماف و بەرژەوەندی گەلانی جیهان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دامەزراوەو ئەگەر لەشوێنێک ئەو بەرژەوەندییانە لەگەڵ هی گەلێک، وڵاتێک، یان مرۆڤایەتیش هاتنەوە ئەمە تەنیا ڕێکەوتێکەو بەس. بۆیە دوژمنایەتیکردن و سەنگەرگرتن دژی ئەمەریکاو سیاسەتی تاکڕەوی و وێرانکردنی جیهان، شتێکی لۆژیکی و شیاوی تێگەیشتنە. بەڵام ئەمەیان شیاوی تێگەیشتن نییە کە یەکێک پێی وابێ هەر دوژمنێکی ئەمەریکا، ئازادیخوازو دۆستی گەلانە و لەپێناو گوڕبەخشین بەخەبات دژی ئەمەریکا دۆستایەتی هەر ملهوڕێک ڕەوایە..!
ئەگەر لەپێناوی بەرژەوەندی سیاسیدا دۆستایەتی هەر شەیتانێک ڕەوابێت، ئیدی چما هی شەیتانی گەورە یاساغ بێت..؟ ئیدی گروپبەندی چەپ و ڕاست، زۆردارو زۆرلێکراو، مل ئەستوورو مل باریک بۆچی هەبن و ئایا بەڕاستیش لەوحاڵەدا دەبن..؟

سەرکردە فاشیلەکان هەمیشە لەقۆناغی بەناو خەباتی ڕزگاریخوازیدا بەسەردەبەن و بەڕزگاربوون و گرتنەدەستی دەسەڵاتیش ئەوقۆناغە تەواو نابێت. چونکە کاتێک هیچیان نییە بیدەنە ئەو خەڵکەی پێشڕەویان دەکەن ناچار شتە وەهمییەکانی وەک: شەرەف، خۆڕاگری، قارەمانێتی... و هیتری لەمجۆرەیان پێ دەمێنێ کە لەجیاتی نان و ئازادی و ژیانێکی شەرافەتمەندانە، بەمنەتەوە پێشکەشی خەڵکی بکەن.
لە ئێران بۆهەر مردوویەک لە پێناوی شەرەفی دەسەڵاتدا، دەگوترێ: پیرۆزبایی و پرسە(تەبریک و تەسلیەت). دەبێ بڵێین: پەحا! پرسە پرسەیە پیرۆزبایی چییە..؟ پیرۆزبایی لەچی..؟ لەوەی کەسێکی تر مردو دەسەڵاتداران و ئایدیۆلۆژیاکەیان هێشتا ساغن..!
یان ئەوەتا لە زیمبابۆی ڕۆبێرت مۆگابی بەناو دوژمنی ئیمپریالیزم، کە ئاستی هەڵامسانی ئابووری وڵاتەکەی گەیشتۆتە 1600% ، وخەڵکی لەژێرباری لەبێکاری، هەژاری، ونەبوونی خزمەتگوزارییەکاندا دەناڵێنن، هێشتا خۆی بەقارەمان دەزانێت. و کاسترۆو هاوشێوەکانیشی هەر بەهەمان شێواز.
دەسەڵاتێک کەنەتوانێ ئازادی و نان و ژیانێکی شایستە بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات. لۆژیک لەهەبوونیدا چییە..؟
ئایا ئەخلاقیانەتر نییە شڕوشیتاڵیان خڕکەنەوەو ڕێگا بۆ خەڵکانی تر چۆڵکەن..؟ بەڵێ پرسەکە پرسی ئەخلاقە!
لەوەتەی مرۆڤ هەیە لەلایەن ڕێبەرانییەوە بۆ قوربانیدان هاندەدرێت. جارێک لەپێناوی بەهەشتێکی وەهمی و، جارێکی تریش لەپێناوی دواڕۆژێکی باشتردابۆ مرۆڤایەتی. کەچی نەکەس دەتوانێ بیسەلمێنی کەیەکێک چۆتە بەهەشت و نە ئەو ئایندەیەش بەدی هاتووە کەشایستەی ئەو هەموو بایەخ و قوربانیدانە بێت کەلەپێناویدا دراوە.
خەبات و یاخیبوون لەزوڵم و ستەم خەسڵەتی هەرەبەرزی مرۆڤ و نیشانەی ئابڕوومەندییەتی. بەڵام هەڵخەڵاتانیش بەدروشمی قەبەو ڕۆیشتن لەدوای ڕێبەرە ساختەو فێڵبازەکان گەوجییەکەو بەس..!